# جیاوازی بوون لە گەڵ ئیمامی نوێژ پێچەوانەی سوننەتە

< كوردي >

## شێخ صاڵح کوڕی فوزان الفوزان

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# مخالفة الإمام خلاف السنة

< كردي >

صالح بن فوزان الفوزان

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# جیاوازی بوون لە گەڵ ئیمامی نوێژ پێچەوانەی سوننەتە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی شێخی دکتۆر صالح کوڕی فوزان الفوزان کراوە :

**پرسیار :** حوکمی ئەو کەسە چیە کە لە سوژدەدا زۆر دەمێنێتەوە، لەکاتێکدا ئەو نوێژ لەگەڵ ئیمامێکدا بە جەماعەت دەکات، بەڵام لە سوژدە بردن بەرز نابێتەوە هەتاوەکو ئەو کاتەی کە ئیمامی نوێژەکە سێ ئایەت یان چوار ئایەت لە سورەتی فاتیحە دەخوێنێت ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەوەی ئەو برایە دەیکات هەڵەیە، چونکە ئیمامی نوێژ بۆ ئەوە دانراوە کە نوێژخوێنان شوێن ئەو بکەون، واتا : ئیقتدای پێوە بکەن، هەروەك چۆن دروست نیە کە پێشی بکەون، بەهەمان شێوە دروستیش نیە دوا بکەون لێی، هەروەك چۆن نابێت لەگەڵ ئیمامدا ئەرکان و هەڵسوکەوتەکانی ناو نوێژ ئەنجام بدەن، بەڵکو نوێژخوێنان دوای ئەوەی ئیمام ڕوکنەکەی یان واجب یان سوننەتەکەی ناو نوێژی ئەنجامدا دەبێت ئەوانیش بەدوای ئەودا ئەنجامی بدەن،،،، ئەگەر تەکبیری کرد ئەوانیش تەکبیر بکەن، نابێت تەکبیر بکەن هەتاوەکو ئیمام تەکبیر دەکات، وە هەرکاتێك ئیمام کڕنوشی برد، ئەوانیش کڕنوش ببەن، نابێت کڕنوش ببەن هەتاوەکو ئیمام کڕنوش دەبات، وە هەرکاتیك سوژدەی برد ئەوانیش سوژدە ببەن، نابێت سوژدە ببەن هەتاوەکو ئیمام سوژدە دەبات،،،، ئەمەش مانای ئیقتدا کردنە بە ئیمامەوە، هەروەك چۆن پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لەفەرموودەیەکی صەحیحی لەم شێوەیە باسی کردووە، بەشێوەیەك کاروکردەوەی نوێژخوێن دەبێت لەدوای کاروکردەوەکانی ئیمامەوە بێت، بەڵام پێچەوانە کردنی ئیمام بەوەی پێچەوانەی ئیمام بێت بەوەی کە لە سوژدەدا زۆر بمێنێتەوە و هەڵنەسێتەوە هەتاوەکو ئیمام سێ چوار ئایەت لە سورەتی فاتیحە بخوێنێت بێگومان دروست نیە و پێچەوانەی سونەتی پێغەمبەری خوایە ( صلی اللە علیە وسلم ) ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : گۆڤاری ( الدعوة ) ژمارە ( 2460 ) ساڵی 1435 کۆچی .